# توندوتیژی دەروونی دژی ئافرەت لە چوارچێوەی خێزاندا (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە)

Doi: 10.23918/ilic9.02

د. ئومێد سعید خضر
زانکۆی سۆران – کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان و بەڕێوبردن
omed.khizir@soran.edu.iq
چرا عونی عدنان
سەندیکای پارێزەرانی کوردستان
Chraxoshnaw72@gmail.com

# Psychological violence against women in the family (A comparative analytical study)

Dr. Omed Saeed Khudhur
Soran University/ Faculty of Law, Political Science and Administration, Law Department
Chra Awni Adnan
Kurdistan Bar Association

**پوختە**

توندوتیژی دەرونی دژی ئافرەت دیاردەیەکی نەرێنیە دژ بە پرەنسیپەکانی شەریعەتە ئاسمانییەکان و مافەکانی مرۆڤ ویاسا بەرکارەکانە، لەبەرئەوەی خێزان بنەمای کۆمەڵگایەوئافرەتانیش بنیاتنەری خێزانن، بۆیە پێویستە لە پێناو پاراستنی خێزان لە هەڵوەشانەوە ڕێکاری یاسایی بگیرێتەبەر بۆ سەقامگیری و ئاسایشی خێزان و قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزانی، بە خۆپاراستن بەر لە ڕوودانی بە وشیارکردنەوای کۆمەڵگاو گەران بەدوای چاکسازی دوای ڕوودانی.

ئەمەش بە پشت بەستن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەرکارن، وەک یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ساڵی ١٩٦٩ و یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی هەرێمی کوردستان -عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ و یاسای باری کەسی هەموارکراو ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩ باسی لێوە کراوە ڕێکخراوە، وە لە هەمان کاتدا دەکرێت سود لە یاسای وڵاتانی بیانیش وەربگیرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەم دیاردە تاوانیە.

توندوتیژی دەرونی دژی ژنان مەترسیدارترین جۆرەکانی توندوتیژین وەک سووکایەتیکردن، پشتگوێخستن، قسەی قێزەون، زەوتکردنی ماف وئازادیی ژنان، دەستوەردان لە کاروباری تایبەتیان، هەموو ئەم کارانە دەبنە هۆی ئەوەی کە تووشی زۆرەملێکردن بن و بەو پێیەش توندوتیژی دەرونی بەرامبەر بە ژنان دیاردەیەکی واقیعی یان کێشەیەکی جەوهەری پێکدەهێنێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، چونکە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر لایەنی دەروونی ئافرەتان و ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە لە دیارترینیان هەڵوەشانەوەی خێزان و دیاردەی خۆکوشتنە، بۆیە تاوانەکە پێویستی بە سزای گونجاو هەیە لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگا و بەرقەراربونی دادپەروەری، ئەم توێژینەوەیە لە هەموو حاڵەتێکی دەستدرێژیکردنە سەر ژنان دەکۆڵێتەوە لەڕوویی دەرونیەوە لە چوارچێوەی خێزاندا، بەمەبەستی دابینیکردنی پاراستنی یاسایی بۆ ڕەگەزی مێ لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

**وشە سەرەکییەکان:** توندوتیژی دژی ئافرەتان، توندوتیژی دەرونی، توندوتیژی زارەکی، توندوتیژی بێدەنگی، توندوتیژی پشتگوێ خستن.

**الملخص**

العنف النفسي ضد المرأة ظاهرة سلبية تتعارض مع مبادئ الشرائع السماوية وحقوق الإنسان والقوانين النافذة، لأن الأسرة هي أساس المجتمع والمرأة هي بناة الأسرة، لذا يجب اتخاذ التدابير القانونية اللازمة لتحقيق الأمن و الاستقرارالمنزلي ومنع العنف من خلال الوقاية وتوعية المجتمع والإصلاح بعد وقوعه.

وذلك بناء على القوانين والأنظمة المعمول بها في كردستان والعراق مثل قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩ وقانون مكافحة العنف الأسري في اقليم كوردستان رقم ٨ لسنة ٢٠١١ وقانون الاحوال الشخصية العراقي رقم١٨٨لسنة ١٩٥٩ ، وفي الوقت نفسه يمكن الاستفادة من قوانين الدول الأجنبية لمكافحة هذه الظاهرة الإجرامية.

يعد العنف النفسي ضد المرأة من أخطر أشكال العنف مثل الشتائم، الإهمال، الكلام البذيء، حرمان المرأة من حقوقها وحرياتها، التدخل في شؤونها الخاصة، كل هذه التصرفات تؤدي إلى قمع المرأة وأيضا خلق المشاكل العائلية خاصة في مجتمع الشرق الأوسط، لذا فإن الجريمة تحتاج إلى عقوبة مناسبة لمصلحة المجتمع وإرساء العدالة، تتناول هذه الدراسة جميع حالات العنف النفسي ضد المرأة داخل الأسرة، وذلك لتوفير الحماية القانونية اللازمة للمرأة في القوانين المعمول بها في إقليم كوردستان والعراق.

**الكلمات المفتاحية:** العنف ضد المرأة، العنف النفسي، العنف اللفظي، العنف الصامت والإهمال.

**Abstract**

Psychological violence against women is a negative phenomenon that contradicts the principles of divine laws, human rights and applicable laws, because the family is the foundation of society and women are the builders of the family, so the necessary legal measures must be taken to achieve security and domestic stability and prevent violence through prevention, community awareness and reform after it occurs.

This is based on the laws and regulations in force in Kurdistan and Iraq, such as the Iraqi Penal Code No. 111 of 1969, the Law on Combating Domestic Violence in the Kurdistan Region No. 8 of 2011 and the Iraqi Personal Status Law No. 188 of 1959, and at the same time, it is possible to benefit from the laws of foreign countries to combat this criminal phenomenon.
Psychological violence against women is one of the most dangerous forms of violence, such as insults, neglect, obscene language, depriving women of their rights and freedoms, and interfering in their private affairs. All of these actions lead to the oppression of women and also create family problems, especially in the Middle Eastern society. Therefore, the crime requires an appropriate punishment for the benefit of society and the establishment of justice. This study deals with all cases of psychological violence against women within the family, in order to provide the necessary legal protection for women in the laws in force in the Kurdistan Region and Iraq.

**Keywords:** violence against women, psychological violence, verbal violence, silent violence and neglect.

## پێشەکی

توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دیاردەیەکی دێرینە لە کۆنەوە ڕەگ و ڕیشەی لە کلتورە جۆراو جۆرەکانی گەلانی جیهاندا هەیە بە جۆرێك نەوە لە دوای نەوە گوازراوەتەوە تاوەکو ئێستا بوەتە هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگای ئێستا، هەر ئەمەش بۆتە هۆی دواکەوتنی زۆرێك لە شارستانیەتەکان، وە توندەتیژی دەرونی ئێستا وەك فۆرمێکی ڕاستەقینەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە بە جۆرێك هەم لە رووی مادی هەم لە رووی معنوی بۆتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر هەموو گروپە لاوازەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت ئافرەتان، توندوتیژی چەندین جۆری هەیە وەك (جەستەیی، دەروونی، جنسی، ...) بەڵام ئەوەی لەم دواییانە زۆر باسی لێوەکراوە توندوتیژی دەروونیە دژی ئافرەتان بە جۆرێك دەکرێت ئەم توندوتیژیە لە لایەن باوك بێت یان برا یان مێرد یان کەسێك لە دەرەوەی خێزانەکەی، ئەم دەستدرێژیە دەبێتە هۆی پێشێلکاری و کاریگەری لەسەر دەرونی و سەقامگیری ئافرەتەکە دروست دەکات و زیانی پێدەگەیەنێت لە هەموو ئاستەکاندا، توندوتیژی دەروونی دژی ژنان بە بێدەنگی و نەبوونی کاریگەریی ماددی لەسەر جەستەی قوربانییەکە تایبەتمەندە چونکە ئەو زیانانەی کە لەلایەن سەرپێچیکارەوە بەسەریدا هاتووە بە ڕوکەش دەرناکەوێت و جێ پەنجە لەسەر تاوانەکە بەجێناهێڵێت، ئامانج لێی شکاندنی کەسایەتی و دەرونی ئافرەتەکە و دروستکردنی کاریگەریە لەسەر سۆزو هەستیەوە، کە مەترسیەکانی کەمترنین لە توندوتیژی جەستەیی.

**گرنگی توێژینەوەکە:** تاوانی توندوتیژی دەروونی بەرامبەر بە ژنان پەیوەستە بە خێزانەوە -کەیەکەم خانەی کۆمەڵگەیە- ئەگەر تەندروست و چاکسازبو، ئەواکۆمەڵگاش تەندروست و چاکساز دەبێت، بۆیە ئەو توێژینەوەیە تیشک دەخاتەسەر کاریگەرییە نەرێنی و مەترسیەکانی توندوتیژی لەسەر دەروونی ژنان و ڕۆڵی ئەوان لە کۆمەڵگەدا، تاوانی توندوتیژی دەرونی دژی ژنان هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکانی گرتۆتەوە، لەبەر ڕۆشنایی بێدەنگی کۆمەڵگا و خودی ژنە قوربانیەکە، کەمەترسییەکی گەورە و ترسناکە و زیانێکی زۆر بە ژن و خێزان دەگەیەنێت بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی یاسایی تاوانکاریدا تیشکی بخرێتە سەر، بە ئامانجی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە لە یاسا بەرکارەکاندا بەتایبەتی لە یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی گرنگ و سەرەکییە ئەوانیش:

١. ڕوونکردنەوەی چەمکی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی دەرونی دژی ئافرەت بە تایبەتی.
٢. تیشک خستنە سەر شێوازەکانی توندوتیژی دەرونی.
٣. دیاریکردنی پایەکانی تاوانی توندوتیژی دەرونی، یاسایی، ماددی، ،واتایی.
٤. دیاریکردنی هەلویستی یاسا دانەری کوردستانی و ئیراقی و یاسا بەراورد کاریەکان سەبارەت بە توندوتیژی دەرونی .
٥. ڕۆشنایی خستنە سەر پرسی توندوتیژی دەرونی دژی ژنان بە مەبەستی چارەسەری خۆپارێزی و ڕێگەچارە بۆ ئەم دیاردە تاوانیە دابین بکرێت تاکو ڕێگری لە لێکەوتە نەرێنییەکانی بکرێت.
٦. ڕۆشنکردنەوەی قەبارە و سەختی تاوانی توندوتیژی دەرونی بەرامبەر بە ژنان و ڕوونکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان و دەرئەنجامەکانی لەسەر ژنان و خێزان و کۆمەڵگا بە گشتی.

**کێشەی توێژینەوەکە:** توندوتیژی دەروونی بەرامبەر ئافرەت لە ئێستادا بۆتە یەکێک لەودیاردە تاوانانەی کە بە ڕێژەیەکی زۆر ئەنجام دەدرێت، مەترسی ئەم جۆرە تاوانەش زیاترە لە توندوتیژی جەستەیی چونکە سەلماندنی قورسە شوێنەوارەکانی مادیی و هەسپێکراونین، بۆیە ئاسانە بۆ تۆمەتبار خۆی لێ بدزێتەوەو وای نیشانبدات کە بێتاوانە، لەبەرئەوە یاسا لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکات بەهۆیی نەبوونی بەڵگە و ناتوانێت مافەکانی ژن بپارێزێت، لەلایەکی ترەوە توندوتیژی دەرونی فرە چەشنە بۆیە دیاریکردنی هەموو شێوازەکانی بەتەواوی لەڕووی یاساییەوە تارادەیەک ئەستەمە و ناشکرێت وەک نمونە دیاری بکرێت، بۆیە پێمان وایە یاسا دانەری کوردستانی و عیڕاقی کەمتەرخەم بونە لە پاراستنی ئافرەت لە توندوتیژی دەرونی.

کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارانەی خوارەوە خۆی دەنوێنێت:

١. ئایا دەشێت تاوانی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕێگەی دەرونیەوە ڕوودات؟
٢. ئایا خۆبەدوورگرتن و پەراوێزخستن بە جۆرێک لە توندوتیژی خێزانی هەژماردەکرێت؟
٣. جۆرەکانی توندوتیژی دەرونی دژی ژنان چین و هۆکارەکانی چین؟
٤. گرنگترین دەرئەنجامە نەرێنییەکانی بەجێهێنانی توندوتیژی دەرونی دژی ژنان چین؟

٥. باشترین ڕێگاچارە بۆ ڕێگرتن لە توندوتیژی دەرونی بە ڕامبەر بە ئافرە ت چین و ڕێگاچارەکانی چۆنە ؟
٦. ئایا ئـافرەت دەتوانێـت لەبەردەم دەســەڵاتی دادوەریـدا شــایەتحاڵی بـدات کە تــاوانی زۆرەملێــی دەرونــی لەلایەن پیــاوەوە بەرامبەری ئەنجامدراوە؟
٧. کاریگەری ئەو کردەوانەو ڕادەی کاریگەرییان لەسەر ئافرەت و منداڵ و کۆمەڵگە بە گشتی چین؟
٨. ئایا دەسەڵاتی یاسادانان پارێزگاری پێویستی بۆ ژنان دابین کردوە لە ئەگەری سکاڵاکردنیان؟
٩. دیارترین میکانیزمە یاساییەکان چین بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی؟
١٠. دیارترین کەمو کوڕیەکان لە تەشریعاتەکانی عێراق و هەرێمی کوردوستان بۆ توندوتیژی دەرونی دژی ئافرەت چیە؟
١١. ئایا توندوتیژی دەروونی دەکریت بسەلمێنرێت؟
١٢. ئایا توندوتیژی دەروونی سلوکێکی ئەرێنیە یان نەرێنیە؟

**چوارچێــوەی توێژینــەوە:** لــە چوارچێــوەی ئــەم توێژینەوەیــەدا بــاس لــە تونــدوتیژی دەروونــی دژی ئــافرەت دەکــەین لــە چوارچێـوەی یاسـا تایبەتمەنـدو گشـتیەکانی عیـراق و هەرێمـی کوردسـتاندا بە تـایبەت یاسـای سـزادانی عیراقـی ژمـارە ١١١ی سـالی ١٩٦٩، یاسـای بـاری کەسـی هەمـوارکراو ژمـارە ١٨٨ سـاڵی ١٩٥٩، و یاسـای بەرەنگـاربونەوەی تونـدوتیژی خیزانـی لەهەریمی کوردستان ژمارە٨ سالی ٢٠١١.

**ڕێبــازی توێژینــەوە:** لەم توێژینەوەیــە پشـتم بــە دوو میتــۆد بەسـتوە ئــەوانیش:میتۆدی شـیکاری کــە بــە شـێوەیەکی گشـتی باسـی بابـەتی تونـدوتیژیم کـردوەو دەقـی یاسـاکانم شـیکردۆتەوە سـەبارەت بە تونـدوتیژی دەرونـی، وە لــە بەشـێکی توێژینەوەکــە پشـتم بــە میتــۆدی بــەراودکاری بەسـتوە بە خستنەڕوویی هەلوێسـتی یاسـاکان بـۆ زانینـی جـۆرو شـێوازی تونـدوتیژی دەروونـی لــە هەریەك لە یاساکانی عیراق و هەرێمی کوردستان و یاسا بەراوردکاریەکان.

**پلانــی تــوێژینەوە:** توێژینەوەکەمــان دابەشــکردوە بەســەر دوو باسـدا، لە باسـی یەکەمـدا تونـدوتیژی دەروونیمـان ناسـاندووە، ئەم بــابەتە دابەش دەکەیــن بــۆ دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەمــدا بـــاس لە چەمکـــی تونـــدوتیژی خێزانـــی دەکەیـــن، لەتەوەری دووەمیشـدا بـاس لە کۆڵەگەکـانی تـاوانی تونـدو تیـژی دەرونـی دژی ئـافرەت دەکەیـن ، لە باسـی دووەمـدا تیشـکمان خسـتۆتە سـەر پارێزگـاری تـاوانی لە یاسـاکانی کوردسـتان و عیـراق و بەراوردکاریـدا بـۆ تونـدوتیژی دەرونـی دژی ئـافرەت، ئەم باسـە دابەش دەبێـت بەسـەر دوو تەوەری سـەرەکییدا لە تەوەری یەکەمـدا باسـی پارێزگـاری تـاوانی لـە یاسـاکانی هەرێمـی کوردسـتان و عیراقیـدا بـۆ تونـدوتیژی دەرونـی دژی ئـافرەت، لە تەوەری دووەمـدا باسـی پارێزگـاری تـاوانی لە یاسـا بەراوردکاریەکانـدا دەکەین.

## باسی یەکەم
## ناساندنی توندوتیژی دەروونی

تونـدوتیژی دژی ژنـان بە مانـا گشـتیەکەی دوو جـۆر لەخۆدەگرێـت: تونـدوتیژی جەسـتەیی و تونـدوتیژی دەرونـی، بەو پێیـەی دووەمیـــان هەمـــوو ئەو دەربرینـــانە دەگـــرێتەوە کە لەلایەن دەســـتدرێژیکارەوە ســـەرچاوە دەگـــرن، کە کـــاریگەری لەســـەر قوربـانییەکە دەبێـت لە ڕووی دەروونیـیەوە، بـۆیە هەمـوو ئەودەسـتەواژە خراپـانە دەگـرێتەوە کە کەرامەت و شـەرەف لەکەدار دەکەن، هەروەهـا هەمـوو دەربرینەکـانی هەڕەشـە بـۆ زیانگەیانـدن بە قوربـانییەکە دەگـرێتەوە کە کـاریگەری قـووڵی لەسـەر دروسـت دەبێـت،[1] لەکاتێکـدا تونـدوتیژی دەرونـی دژی ژنـان بە (تـاوان) هەژماردەکرێـت، بەڵام هەسـتی پێناکرێـت یـان بەرجەسـتە نییە، هەروەهـا هـیچ کـاریگەرییەکی ڕووکەشـی پێـوە دیـار نـیە، چـونکە کـاریگەری لەسـەر ڕۆح و دەرون دروسـت دەکـات، هەروەهـا کـاریگەری وێـرانکەر لەسـەر تەندروسـتی و دەروون و سـۆز و خۆشەویسـتی ژنـان هەیە بە تـایبەت کە ئاسـایش و سـەقامگیری بنەمـاڵە دەخـاتە ژێـر مەترسـییەوە، ئەمەش لە بەرامـبەردا هەڕەشـە لە کیـانی کۆمەڵگـا دەکـات.[2] هەروەهـا ئـایینی پیـرۆزی ئیسـلامیش ڕێگـاری کـردوەو نەهـی کـردوە لە تونـدوتیژی دەرونـی دژ بە ئافرەتـان، خـودای گەورە دەفەرموێـت: (وعاشــرهن بــالمعروف). هەروەهــا پەیامبەرمــان (د.خ) فەرمــویەتی: (خيــركم خيــركم لأهلــه، وأنــا خيــركم لأهلي)[3].

بەم شـێوەیە ئەم بـابەتە دابەش دەکەیـن بـۆ دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەمـدا بـاس لە چەمکـی تونـدوتیژی خێزانـی دەکەیـن، لەتەوەری دووەمیشدا باس لە کۆڵەگەکانی تاوانی توندو تیژی دەرونی دژی ئافرەت دەکەین:

### تەوەری یەکەم
### چەمکی توندوتیژی دەروونی دژی ئافرەت

ئـەم تەوەریـە دابـەش دەکـەین بەسـەر سـێ لقـی سـەرەکی لـە لقـی یەکەمـدا پێناسـەی تونـدوتیژی دەرونـی دەکـەین لـەڕووی زمانـەوانی و زاراوەییـدا، وە لـە لقـی دووەمـدا باسـی شـێوازەکانی تونـدوتیژی دەرونـی دژی ئـافرەت دەکـەین لـە لقـی سـێیەمدا باسی توندوتیژی دەرونی دەکەین لە ریککەوتنامەی سیداو.

**لقی یەکەم: پێناسەی توندوتیژی دەرونی لەڕووی زمانەوانی و زاراوەی یاساییدا**

**یەکەم :توندوتیژی دەرونی لەڕووی زمانەوانیدا:**

لە ڕوانـگەی زمـانەوانییەوە و بە خسـتنەڕووی کـردەوەی تونـدە دژبە مـرۆڤ، هەروەهـا وشـەی (تونـدوتیژی) لە فەرهەنگـی عەرەبیـدا بە مانـای پێشـێلکردنی مـاف یـان نەبـونی نەرمونیـانی دێـت، هەمـوو ئەم ڕەفتـارانە دەگـرێتەوە کە مانـای تونـدی، دڕنـدەیی، سەرزەنشـتکردن، لـۆمەکردن یـان لـێ بەدیـدەکرێت، بەمجـۆرە تونـدوتیژی ڕەفتـارێکی ڕاسـتەقینە یـان زارەکیـیە و بـنەچەکەی نـزیکە لە لاتینـی (violentia) کە ئاماژەیە بـۆ تونـدی و هێـز، ، بە واتـای هێـزی جەسـتەیی، یـان بـڕ یـان زۆری

(١) مريفان مصطفى رشيد، جريمة العنف المعنوي ضد المرأة ، ط١، المركز القومي للاصدارات القانونية، ٢٠١٦، ص١.
(٢) ميديا جلال عبدالله ، الحماية المدنية للمرأة من العنف الاسري ، رسالة ماجستير ، ٢٠١٢، ص٢٠.
(٣) ســنن ( الـتـرمـزي)، كـتـاب الـمـنـاقـب، بـاب فضـل ازواج الـنـبـي،ج٥،ص٦٦٧. مـتـاح عـلـى الـمـوقـع الألـكـتـرونـي الـتـالـي : https://www.islamweb.net/ar/library/content/D9%88%D8%B3%D9%84%D9%85 آخر زيارة ٢٠٢٤/١١/٢٥.

شتێک دێت[١]، توندوتیژی پێچەوانەی نەرم و نیانییە، هەربابەتێک توندوتیژی تێدا بەکاربێت بە توندوتیژی کۆتایی دێت، لە فەرموودەی پێغەمبەرماندا (درودی خودای لەسەربێت) دەفەرموێت: ((ان الله يعطي على الرفق ما لا يعطي على العنف)) خوای گەورە ئەوەی بەمیهرەبانی دەیبەخشێت هەرگیز بە توندوتیژی نایبەخشێت، لەمەشدا دەوترێت: هەرشتێک بەتوندو تیژی هەوڵی بۆ بدەی زۆر بەسەختی دەستت دەکەوێت توندوتیژی دەربڕینی لۆمەیە، سەبارەت بە فەرهەنگی (لسان العرب)، توندوتیژی بەم شێوەیە پێناسە کراوە: پێشێلکردنی فەرمانێک یان نەبوونی سۆز بۆ بەرامبەر کە پێچەوانەی میهرەبانییە، چونکە هەموو شتێک کە لە میهرەبانیدا باشە لە توندوتیژیدا خراپە ئەمانەش دژ بەیەکن، و دەشێت بڵێین لە ماناکانی وشەی توندوتیژی بریتین لە پێشێلکردن و سەرزەنشتکردن سوکایەتی پێکردن و پشتگوێخستن، هەموویان هاوواتای توندوتیژین،[٢] لەمانەی پێشووەوە دەتوانرێت بڵێین توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز لە نێوان هەردوو لایەنی پەیوەندییەکەدا، بۆ ئەوەی مافی زاڵبون بدات بە بۆچوونی پیاو بەسەر ژنەکەدا، بە گشتی، یان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەبێ گوێدانە قبوڵکردنی هاوبەشەکەی[٣].

**دووەم: توندوتیژی دەروونی لەڕوی زاراوەییدا:**

قورسە چەمکی توندوتیژی دەرونی پێناسە بکەین بە هۆی ئاڵۆزیی بونیەوە، بەوپێیەی ئەمە بابەتێکە پەیوەستە بە ئازاری ناخ و دەرون کە ژنان بەهۆی مێینەیی خۆیانەوە بەرەوڕووی دەبنەوە، بۆیە دەکرێت توندوتیژی دەروونی بەشێوەییێک پێناسە بکرێت کە مەبەست لێی وەک هەر کردەوەیەکی ئازار بەخش یاخود زیانبەخش بێت، یان ڕەفتارێک کە نەگونجاو بێت، لە ڕووی یاسایی و داب و نەریتیەوە، کە زیانی دەروونی لێ بکەوێتەوە، یەکێک لە دەرکەوتەکانی ئەم توندوتیژییە بەرکەوتنە بە فشاری دەرونی بەهۆی وتەی قێزەون و زیانبەخش کە دەبێتە هۆی ڕوخانی دەرونی کەسەکە، وەک سووکایەتیکردن، جنێوپێدان، وتەی زبر، گومانلێکردن، لۆمەکردن، تۆقاندن، زەلیلکردن، پشتگوێخستن، تۆمەتبارکردن بە خراپەکاری، بانگکردن بەزمانێکی قێزەون، یان دەستەواژەی زبر کە کەسایەتی و کەرامەتی کەسەکە بشکێنێت، بە مەبەستی سوکایەتیکردن یان خۆبەزلزانین بەرامبەر بە ئەندامێکی خێزانەکەی، یان هەست بەوە بکات کە کەسێکی نەخوازراوە، یان پشتگوێخستنی و کەمکردنەوەی ڕۆڵی لەخێزاندا، و وەرنەگرتنی ڕاو بۆچوونەکانی ئەو لەوبابەتانەی پەیوەندیدارن بە بنەماڵە و ئەندامەکانی خێزان.[٤] هەرچەندە ڕەفتاری توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی یاساییەوە مامەڵە لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان دەکات، واتە خستنە ڕووی توندوتیژی دەرونی دژی ژنان وەک تاوان، تاوانەکەش بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: (هەرکارێک کەببێتە هۆی ئازاردانی ئافرەت و هەست و سۆزی بێ ئەوەی کاریگەریەکانی لەسەر جەستەدا بەدەرکەوێت)، هەروەها (ئەو توندوتیژیەیە کەپیاوێک وەک هەڕەشە لەبەرامبەر ئافرەتێکدا بەکاری دەهێنێت کەپەیوەندی یاساییان بەیەکەوە هەیە تاکو ناچاری بکات دەست لەمافەکانی هەڵگرێت)[٥]

وەدەتوانرێت بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: هەر ڕەفتارێک کە بە توندوتیژی تایبەتمەند بێت بە ئامانجی تێکدانی کەرامەتی ژنان و ئازادی هەڵبژاردن و هەستەکانیان. وە توندوتیژی دەرونی سەرەڕای فرەیی و فرەچەشنی و زۆری فۆرمەکانی یەکێکە لە قورسترین شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕووی سەلماندنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کاریگەرییەکەی لەسەر جەستەی ژنەکە نییە و کاریگەری جەستەیی بەرجەستە لەسەری بەجێناهێڵێت، بەڵکو هەست و سۆز و دەروونی ژن دەکاتە ئامانج و ئازاری دەروونیی بۆ دروست دەکات کە سەلماندنی ئەستەمە[٦].

هەروەها زانستی کۆمەڵناسی پێناسەیەکی بۆ توندوتیژی داناوە، کە خودی ماناکەی لەخۆگرتوە ئەو دەربڕینەی کە لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ ناچارکردنی تاک یان گروپێک بەکاردەهێنرێت و هێز دەردەبڕێت بۆ پراکتیزەکردنی لێدان، زینداانیکردن، یان لەسێدارەدان، و لەوانەیە فشاری کۆمەڵایەتی و ئەو شەرعیەتەی کە پەیوەستە بە دانپێدانانی کۆمەڵگا پێیەوە بەکاربهێنێت. هەروەها مانای توندوتیژی لە پێناسەیەکی تردا (گوزارشت لە هەموو کردەیەکی توند دەکات کە پێچەوانەی سروشتی شتێک بێت بەڵام بەسەریدا دەسەپێنرێت)[٧].

وە هەروەها توندوتیژی ئەخلاقی بە مانای هەموو ڕەفتارێک دێت کە دەستدرێژی دەروونی و سۆزداری ژنان لەخۆبگرێت، بە مەبەستی لاوازکردنی متمانەبەخۆبون و ڕوشاندنی کەسایەتی و ڕوخاندنی هەستی سۆزداری و هەستی توانا و متمانە و لاوازکردنی کەسایەتی، ئەم شێوازە ڕەفتارە لەڕێی وتەی ڕەق و ناخۆش بەبەکارهێنانی وشەی زبر بەدەربڕینێکی توندڕەویانەوە کەئاماژەی بریندار کەرو ڕوشێنەرن بۆ سوککردنی کەسایەتیەکە و نەهێشتنی کەسەکە بۆئەنجامدانی کارێک لەڕێی قسەنەکردن لەگەڵیدا، یان تەمەشاکردنی بەئاماژەی ناڕێک کەمەبەست لێی دورکەوتنەوە و یان بێدەنگکردن یان وەڵامنەدانەوەی سڵاوەکەی، دورەپەرێزی لە خواردن و خەوتن لەگەڵیدا، یان خۆبەدوورگرتن لەو خواردنانەی کە ئامادەی دەکات، و گرنگی پێنەدان لە کاروبارەکانی و لە ئەگەری تەندروستی یان نەخۆشیدا.[٨]

**سێیەم: توندوتیژی دەرونی لەڕووی یاساییدا**

چەمکی توندوتیژی دەروونی لە ژێر ڕۆشنایی یاسای دژە توندوتیژی خێزانی پێشمەرجەکانی وا دیارە کە توندوتیژی دەروونی چەمک و گرنگییەکی فراوانی هەیە هەروەک پێشتر ڕوونمان کردۆتەوە، ڕەنگە هاوشان بێت لەگەڵ هەموو

---

(١) أسماء جميل، العنف الاجتماعي ، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٧، ص٢٤.

(٢) محمد بن مكرم ابن منظور، لسان العرب، ج٩، ١٤٠٥،ص٢٥٧.

(٣) محمد بن ابي بكر عبدالقادر الرازي، مختار الصحاح، دارالكتب العربي، بيروت، ١٩٨١، ص٤٥٨.

(٤) د.صادق بن محمد هادي، المرأة في السنة النبوية المطهرة، ٢٠٢٢/١١/٣٠، بحث متاح على الموقع الكتروني التالي: https://www.alukah.net/sharia/0/6525/%D8%A7.

(٥) نجم، محمد صبحي ، قانون العقوبات - القسم العام، ط٣، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ٢٠١٠، ص ١٠٧.

(٦) نيفين سمير سليمان الأمير، الحماية جزائية للمرأة ضد العنف في تشريع الأردني، رسالة ماجستير،جامعة شرق الأوسط ٢٠١٩، ص٣٣.

(٧) بوسعدية مسعود، ظاهرة العنف في جزائر وعلاج متكامل، مؤسسة كنوزالحكمة، ٢٠١١، ص٣.

(٨) حنان احمد درويش، الحماية الجنائية لضحايا العنف الاسري في التشريع البحريني، رسالةماجستير ،جامعة بحرين، بحرين، ٢٠١٢، ص٦٥.

جـۆر و فۆرمەکـانی تـری تونـدوتیژی خێزانـی، دەتوانرێـت مانـای چەمـکەکە لە یاسـای بەرەنگـاربوونەوەی تونـدوتیژی خێزانییـدا ڕوون بکـرێتەوە، کە لە مـادەی (١- بـڕگەی ٣) هـاتوە کە هەمـوو کـردەوەیەک، لێـدوانێک، یـان هەڕەشـەیەک لەخۆدەگرێـت، کە لە ڕوانـگەی دەروونیـیەوە پەیوەنـدی بە زیـانەوە هەیە، بـۆیە سـووکایەتیکردن و جنێـودان بە ئەنـدامانی خێـزان و دەربڕینـی تێڕوانینێکـی کەمـتەرخەم بەرامبەریـان و خسـتنەڕووی ڕەفتـاری فشـاری دەروونـی بەسـەریاندا هەموویـان لەنێـو ئەو پراکتیـزە و کـردارانەی کە بە تونـدوتیژی خێزانـی دادەنرێـت لە یاسـای بەرەنگـاربونەوەی تونـدوتیژی خێزانییـدا لەبەرچـاو گیـراوە، بەپێـی بـڕگەی (١٣/یەکەم) ی مـادەی (دووەم) کە تـوێژەر پێـی وایە پێناسـەی تونـدوتیژی لە یاسـای بەرەنگـاربونەوەدا زۆر فـراوانە چـونکە تەنـانەت گشـت دەربـڕین و کەمتەرخەمـی و مومارەسـەکردنی فشـاری دەروونـی دەگـرێتەوە کە ناتوانرێـت بسـەلمێنرێت، لە نێـو ئەو کـردارانەی کە بە تونـدوتیژی خێزانـی دادەنـرێن، بـریتین لە (سـووکایەتیکردن، جنێـودان، جنێـودان بە کەس و کـار، نیشـاندانی سـووکایەتی لە بەرامبەریـدا، زیانگەیانـدن، مومارەسـەکردنی فشـاری دەروونـی لەسـەری) هەمـوو ئەم ڕەفتـارانە لەیاسـای بەرەنگـاربونەوەی تـودوتیژی خێزانـدا بە توندوتیژی خێزانی هەژمار دەکرێن.(١)

تونـدوتیژی دەروونـی: هەمـوو دەسـتدرێژییەکی زارەکـی وەک ناوزڕانـدن، زۆرەملێکـردن، هەڕەشـەکردن، پشتگوێخسـتن، زەوتکردنـی مـاف و ئازادیەکـان، سـوکایەتیکردن، بێبـایەخکردن، گـاڵتەکردن، و کـردەوە یـان قسـەی تـر کە کەرامەتـی مرۆڤایەتی ژنان تێکدەدەن یان ئامانجیان ترساندن یان کۆنترۆڵکردنە لەخۆدەگرێت.(٢)

یاسـادانەری ئیمـاراتی دەسـتدرێژی دەروونـی بە هەر کارێـک یـان لێـدوانێک پێناسـە دەکـات کە زیـانی دەروونـی بە قوربـانییەکە بگەیەنێت(٣).

لە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا دەتوانرێـت ئامـاژە بە پێناسـەی نەتەوە یەکگرتووەکـان بکرێـت، کە لە جاڕنـامەی جیهـانی بـۆ نەهێشـتنی تونـدوتیژی دژی ژنـان ئامـاژەی پێکـراوە، نەتەوە یەکگرتووەکـان لە مـادەی یەکەمـی جاڕنـامەی جیهـانی نەهێشـتنی تونـدوتیژی دژی ژنـان کە لە سـاڵی ١٩٩٣ دەرچـووە، تونـدوتیژی دژی ژنـان بەم شـێوەیە پێناسـە دەکـات "هەر کردارێکـی تونـدوتیژی ڕەگەزی کە لە ئەنجامـدا یـان ئەگەری هەیە ببێـتە هـۆی زیـان یـان ئـازار بـۆ ژنـان چ لەڕووی جەسـتەیی وچ لەڕووی سێکسـی، یـان دەرونـی یـان هەڕەشـەکردن لەم جـۆرە کـردارانە، زۆرلێکـردن یـان زەوتکردنـی ئـازادی ئارەزوومەنـدانە لەخۆبگرێت جا لە ژیانی گشتی یان تایبەتدا ڕووبدات.(٤)

**لقی دووەم: شێوازەکانی توندوتیژی دەروونی دژی ئافرەت**

چەمکـی تونـدوتیژی دەروونـی بـاس لە هەمـوو جۆرەکـانی دەسـتدرێژی و ئـازاردانی سـۆزداری دەکـات بەرامـبەر کەسـێک، وەک شـەڕانگێزی دەروونـی بەشـێوەی زارەکـی، هەڕەشـە، تۆقانـدن، بوختـان، سـووکایەتی، سـەپاندنی هێـز بەسـەر ئەویتـردا، توندوتیژی دەروونی یان سۆزداری زۆر شێوەی هەیە، نمونە ئەمانەی خوارەوە:

١. سووککردن یان زەلیلکردنی کەسێک، جا بە نهێنی بێت یان لەبەردەم خەڵکدا.
٢. هێرشکردنە سەر سیفەت و کەسایەتی کەسێک.
٣. هە ڕە شە کردن بۆ بڵاوکردنە وە ی وێنە یان وردە کاری تایبە تی، وبڵاوکردنەوەی بۆ کە سانی تر و هەراسانکردن.
٤. بچـوک کردنـی بەهـای کەسـێک و کەم سـەیرکردن لەدەسـتکەوتەکانی، وتنـی هەنـدێک دەسـتەواژە، وەک: تـۆ ئەم کـارەت بەهـۆی منەوە دەسـتکەوت، یـان بەبـێ مـن هـیچ نیـت، هتـد ..ئەمـانە لە ڕێـگەی دەنگـی بەرز و هـاوارەوە ئاراسـتە دەکـرێن، وە ئەم جۆرە لە ئاستی تاک و لە ئاستی گروپەکاندایە.(٥)
٥. قسـەی ناشـرین، وەکـو زەلیلکـردن، بوختـان، جنێـو، هەڕەشـە، ترسـی دەروونـی، سـووککردنی ئەویتـر، و ئاراسـتەکردنی تۆمەت بۆ کەسەکە.
٦. ناوزڕانـدن، پشتگوێخسـتن، ڕوشـانی کەسـایەتی، و لێـدوانی ناڕاسـتی بە ئەنقەسـت دژی کەسـێک هەمـوو جۆرەکـانی تونـدوتیژی دەروونیـین، ئەم جـۆرە تونـدوتیژییە زۆرجـار لەگەڵ ئیرەیـی و ڕەفتـاری زیادەڕۆییـدایە کە لە کـۆنترۆڵکردن و زاڵکردنـی ئەویتـردا خـۆی دەردەخـات، زۆرجـار تونـدوتیژی دەروونـی لەلایەن مێـرد، هاوبەشـی پێشـوو، یـان ئەنـدامێکی خێـزانەوە ئەنجـام دەدرێـت، بەو پێـیەی زۆرجـار بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ ئەنجـام دەدرێـت ئەسـتەمە لە کەسـانی دیـکە هەستی پێبکەین.(٦)
٧. جنێـودان، پشتگوێخسـتن، سـووکایەتیکردن، قسـەی قێـزەون، زەوتکردنـی ئـازادی، دەسـتدرێژیکردنە سـەر مـافی هەڵبژاردنـی هاوبەشـی ژیـانی، دەسـتوەردان لە کاروبـاری تـایبەتی، چـاودێریکردنی هەمـوو کارەکـانی، و ناچـارکردنی، بۆ نمونە ناچاربکرێت منداڵی زیاتری هەبێت.(٧)

بەڵام ئـێمە لای خۆمـان تێبینیمـان کـردوە کەهەنـدێک شـێوەی تـر لەتونـدوتیژی دەرونـی بـاس نەکـراون لەیاسـای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی خێزان بۆ نمونە:

١. پشتگوێخستن، پەراوێزخستن

(١) د. عمر حسن عمر، العنف ضد المرأة في قانون مناهضة العنف الاسري ضد المرأة،اطروحة دكتوراه، جامعة اسلامية عالمية ماليزية، كلية معارف الوحي والعلوم الانسانية، ٢٠٢١، ص٣٢٢.

(٢) الفصل الثالث من قانون اساسي، عدد٥٨ لسنة ٢٠١٧، يتعلق بالقضاء على العنف ضد المراة في تونس.

(٣) المادة (٥) من قانون اتحادي رقم ١٠ لسنة ٢٠١٩ بشان الحماية من العنف الاسري.

(٤) أحمد رفعت النجار، الاطار التشريعي لجرائم العنف ضد المرأة ، المجلس القومي للمرأة، ط١، ٢٠٢٠، ص٤.

(٥) هيئة الامم المتحدة للمرأة،أنواع العنف ضد النساء والفتيات، مقال منشور على الموقع الالكتروني التالي: بتأريخ ٢٠٢٤/١٢/١ .https://arabstates.unwomen.org/ar/what-we-do/ending-violence-against-women/faqs/types-of-violence

(٦) فراوين جيجن جيوالت، العنف أو الاعتداء النفسي، مقال منشور علي الموقع الالكتروني التالي بتأريخ (17/1/2023) https://www.frauen-gegen-gewalt.de/ar/alynf-u-alaytda-alnfsi.html.

(٧) المعهد الدولي لحقوق الانسان ، عدالة النوع و حقوق الانسان المرأة في العراق، ط١ ٢٠٠٦ ، ص١٦٤-١٦٥.

٢. سووکایەتی و گاڵتەپێکردن
٣. هەڕەشە و تۆقاندن
٤. ناوزڕاندن و لەکەدارکردن و ئاشکراکردنی نهێنییەکان
٥. هەراسان کردن
٦. سوکایەتیکردن بە هێما و پیرۆزییەکان
٧. وەڕەز کردن و واز لێنەهێنان
٨. چەوساندنەوە
٩. خۆبواردن لە پێدانی نەفەقە و مافەکانی.

**لقی سێیەم: توندوتیژی دەرونی دژی ئافرەت لە ڕێکەوتننامەی (سیداو)**

ڕێکەوتننامەی سیداو باس لە چەندین بابەتی جۆراوجۆر دەکات و لە ناونیشان گرینگیەکی زۆر دەدات بە مافەکانی مرۆڤ و ژن بە تایبەتی و باسی توندوتیژی دژی ئافرەت دەکات و لەگەڵ دانانی چەندین ڕێساو بنەمای گرنگ بۆ چۆنیەتی ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی ژنان ,ئەو بڕیارنامەو برگانەی لە ڕێکەوتننامەی سیداو دا هاتوە لە سێ مادە پێك هاتوە کە بە ئاماژەی بنەڕەتی و بنەمای ڕەسەن دادەنرێت بۆ هەموو ئەو کۆنفرانسانەی بۆ ژنان ئەنجامدراون لە مەکسیکەوە تاوەکو ئەو کۆنفرانسەی لە پەکین بەڕێوەچوو، لە ساڵی ٢٠٠٠ ی زایینی کۆنفرانسی دوەمیان (پەکین)مەرجی سەپاندن و پەسەندکردنی ئەو بنەمایانەی لەو ڕێکەوتنەدا هاتوە بەتەواوی و بە بێ زیادکردن و سڕینەوە دانابوو هەروەها هەموو وڵاتان بە وڵاتانی عەرەبیشەوە پابەند دەکات بە پەسەندکردنی و بە تەواوی جێبەجێکردنی بە بێ دوو دڵی یان نارەزایەتی دەربڕین. ئەمەش بە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەی کە لە ڕێکەوتننامەکەدا هاتوە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستوری وڵاتەکە یاخود دارشتنی کۆمەڵێك ڕێساو یاسا بە شێوەیەك کە لەگەڵ کۆمەڵگاکە بگونجێت .[1]

ڕێکەوتننامەی سیداو لە نموذجی ڕۆژئاوایی بۆ ژنان و بەها خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان و بە جیهانیبونیان نوێنەرایەتی دەکرێت و دواتر دەیان سەپێنن بەسەر وڵاتان و کۆمەڵگاکاندا ئەوانیش بەگوێرەی کۆمەڵگاکەیان جێبەجێی دەکەن بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و ڕەچاوکردنی ئایین و نەریتی هەر کۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای یەکسانی و ڕەگەزی تەواو واتە بنەمای یەکسانی ڕەهای نێوان نێر و مێ لە یاساکان، هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ژیانی کلتوری و هەموو چالاکی و ڕوداوە تایبەت و گشتیەکانی تر,جگە لەوەی ئازادی ڕەها دەبەخشێت بە نێر و مێ لەوانەش مافی گۆڕینی ڕەگەز بۆ ژن و پیاو و هتد.[2]

جگە لەوەی کە باسکرا کۆبونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٩٣ی زایینی بڕیاریدا کە پێویستە توندوتیژی دژی ژنان ئیدانە بکات وە پێویستە بە هەموو ڕێگایەکی ممکن بە بێ دواکەوتن سیاسەتێك پەیرەو بکرێت کە ئامانجی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان بێت.بەو پێیە ئەو برگە خۆی لەخۆیدا بانگەوازێکی بە ئاگاهاتنەوەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ڕێکەوتننامەکەیان واژۆ کردوە بە تەواوی کار بکەن بێ دودڵی لە جێبەجێکردنی و لێکدانەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەبێ دەربڕینی هیچ ڕەخنەیەك کە پێچەوانەی برگەکانی ڕێکەوتننامەکە بێت , وە لیژنەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان کاری تەواویان کردوە بۆ ڕێگەگرتن لە تەسککردنەوەی ڕێکەوتننامەکەو نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاریەك دژی ژنان.بە پشت بەستن بەوانەی سەرەوە و دوای لێکۆلینەوە و ڕەچاوکردنی برگەو بڕیارەکانی ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاریەك دژی ژنان(سیداو), وە ئەو برگە و بڕیارانەی لە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانیدا هاتوە دەکرێت بگوترێت لە ڕووی دارشتنەوە لەیەکتر جیاوازن بەڵام لە ڕووی مانو مەبەستەوە هاوڕان وە یاسادانەری کوردستان تقنینی قرارەکان و تدوینی احکامەکانی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بە توندوتیژی خێزانی لە قەڵەمیان دەدات تەنانەت ئەوەی لەرووی دەرکەوتن و فۆرمیشەوە لە توندوتیژی دەچێت بە توندوتیژی خێزانی لە قەڵەمی داوەوە قەدەغەی کردوە.[3]

## تەوەرەی دووەم
## کۆڵەگەکانی تاوانی توندو تیژی دەرونی دژی ئافرەت

**لقی یەکەم: کۆڵەگەی یاسایی**

دیاردەی توندوتیژی دەرونی دژی ئافرەتان بە تاوان دانراوە بە پێی (ماددەکانی یەکەم و ماددەی دووەم_برگەی یەکەم-١٣)یاسای بەرەنگاربونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان –عیراق ژمارە(٨)ی ساڵی٢٠١١، هەروەها بەپێی ماددەکانی ٤٣٠-٤٣٨ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەتاوان دانراوە.

**لقی دووەم: کۆڵەگەی ماددیی**

هەموو رەفتارێکی توندوتیژی زارەکی و دەروونی دەگرێتەوە کە لەلایەن پیاوەوە بۆ سەر ئافرەت ئەنجام دەدرێت وەک، جنێودان، بوختانکردن و سووکایەتیکردن، پشتگوێخستن یان گاڵتەکردن بەڕوخساری و قسەپێ گوتن بەکەسوکاری خێزانەکەی، ئەمەش بەو مانایەیە کە توندوتیژی دەرونی دژی ژنەکە لە بەکارهێنانی شێوەزاری زبر جا بەشێوەیێکی ڕاستەوخۆ یاناڕاستەوخۆ خۆی دەدۆزێتەوە، کە ئامانجیان بچووککردنەوەو سووکایەتی پێکردن و چەوساندنەوەیە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکات، بەبێ ئەوەی ڕەفتارەکە هیچ دەستدرێژییەک لەخۆبگرێت ئەنجامی تاوانی توندوتیژی دەرونی بریتییە لە زیانگەیاندن بە ژنەکە، کە پێشێلکردنی بوون و کەرامەتەکەی لەخۆدەگرێت، یان کاریگەری لەسەر تەندروستی جەستەیی یان دەروونییەکەی دەبێت و ئەمەش دەبێتە سەر ئەنجامە مەترسیدارەکان وەک خۆبەکەمزانین، خەمۆکی و

---

(١) ینظر: الجمعیة العامة للأمم المتحدة، القرار ٤٨/١٠٨ دیسمبر (١٩٩٣م)، إعلان" بشأن القضاء علی العنف ضد المرأة" بناء علی تقریر اللجنة الثالثة (٨/٤٨/٦٢٩)، المادة: (الرابعة)، الفقرة (أ).

(٢) ینظر:المادة (٢) الفقرة (أ) من اتفاقیة القضاء علی جمیع أشکال العنف والتمییز ضد المرأة - CEDAW"،١٩٨١.

(٣) عمر حسن عمر، مصدرسابق، ص٤٤-٤٥.

گۆشـەگیری لە دەوری خـودێکی شـکاو لە ئەنجـامی کەڵەکەبـوونی زەلیلبـوون، بە تـایبەت سـەبارەت بە ڕەچـاوکردنی جـۆری ئەو ژنـانەی کە پێگەیەکـی ئەدەبییـان هەیە، کە ڕانەهـاتوون بە تونـدوتیژی زارەکـی لەو ژینـگەیەی کە تێیـدا پەروەردەبـوون، پەیوەنـدیە فاکتەریەکـان لە تـاوانی تونـدوتیژی دەرونـی دژی ژن ئەوەیە کە زیـانی دەرونـی بـۆ ژنەکە بەهـۆی شـتێکەوە دروسـت دەبێـت لەلایەن هاوسـەرەکەی یـان خزمێکیەوەدەکرێـت لە چوارچێـوەی خێزانـدا، کە کـاریگەری لەسـەر تەندروسـتی دەروونی و جەستەیی هەبێت.[1]

**لقی سێیەم: کۆڵەگەی دەرونی**

تـاوانەکە جـگە لە بـوونی قەوارەیێکـی مـاددی کە لەسـەر بنەمـای کـردارەکە دامەزراوە، هەروەهـا بـوونێکی دەروونیشـە، کە لە توخمە دەروونییەکان پێکهاتووە.[2]

تـاوانی تونـدوتیژی دەرونـی بەرامـبەر بە ژن یەکـێکە لەو تـاوانە مەبەسـتدارانەی کە تێیـدا نیەتـی تاوانکـاری مەرجـدارە هەم بە زانـین و هەم ویسـت، بـۆ ئەوەی تاوانبـار ئاگـاداری ئەوە بێـت کە هەڵسـوکەوتە تونـدوتیژەکانی بەرامـبەر بە ژنەکە زیـانی دەروونـی تونـدی لێـدەکەوێتەوە، هەروەهـا بزانێـت کە ئەم ڕەفتـارە تونـدوتیژییە بە یاسـا تاوانبـار دەکرێـت بەهـۆی ئەو زیـانە گەورەیەی کە لێـیەوە دێـتە ئـاراوە،واتە زانسـتی هەبێـت بە پێکهاتەکـانی کـۆلەگەی مـاددی، وە بە ویسـتی خـۆی ڕەفتـارە تاوانکـاریەکە ئەنجـام بـدات نەک لەژێـر هەڕەشـەی کەسـێکی تـر، لەڕێـی سـووکایەتی پێکـردن ودروسـت کردنـی کـاریگەری لەسەر دەرونی ژنەکە.[3]

## باسی دووەم

## پارێزگاری تاوانی بۆ ئافرەت دژ بە توندوتیژی دەرونی لە یاساکانی هەرێمی کوردستان و عیراق و یاسا بەراوردکاریەکان

ئەم باسـە دابەش دەبێـت بەسـەر دو تەوەری سـەرەکییدا، لە تەوەری یەکەمـدا باسـی پارێزگـاری تـاوانی لـە یاسـاکانی هەرێمـی کوردسـتان و عیراقیـدا بـۆ تونـدوتیژی دەرونـی دژی ئـافرەت و لەتەوەری دووەمـدا باسـی پارێزگـاری تـاوانی لە یاسـا بەراوردکاریەکاندا دەکەین. بەم شێوەیەی خوارەوە:

### تەوەری یەکەم

### پارێزگاری تاوانی بۆ ئافرەت دژ بە توندوتیژی دەرونی لە یاساکانی هەرێمی کوردستان و عیراق

**لقی یەکەم: توندوتیژی دەرونی لە یاسای توندوتیژی خێزانی هەرێمی کوردستان- عێراق**

هەرێـم پێشـتر یاسـای بەرەنگـاربوونەوەی تونـدوتیژی خێزانـی ژمـارە ٨ی سـاڵی ٢٠١١ی دەرکـردووە، کە نـزیکە لە نـاوەڕۆک و ئامانجەکـانی بـابەتەکە، بەڵام ئامـاژەی بەو کـردەوانە کـردووە کە کەوتـوونەتە چوارچێـوەی بـابەتەکە وە لە تونـدوتیژی خێزانـی، کە پێکهـاتووە لە (١٣) شـێوە و هتـد، جوڵانـدنی سـکاڵا و پێکهێنـانی دادگـایەک بـۆ لێکـۆڵینەوە و دادگـاییکردن بە دەسـەڵاتی دادوەری لە ڕەچـاوکردنی کەیسـەکانی تونـدوتیژی خێزانـی، ڕێکارەکـانی لێکـۆڵینەوە و دادگـاییکردن، و یاسـاکە ئەرکەکـانی وەزارەتـی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی، وەزارەتـی تەندروسـتی و وەزارەتـی نـاوخۆ لەخۆدەگرێـت یاسـاکە پەل بـۆ وردەکاریەکـان دەهاوێژێـت سـەبارەت بە فەرمـانی پارێزگـاری و سـزادان و پێبـژاردن دۆخێکـی تونـد دروسـت دەکـات بـۆ سزادانی تاوانبار کە ئەگەر هاتو تاوانبار پزیشک یان کیمیاکار، یان دەرمانساز، یان یەکێک لە یاریدەدەرەکانیان بوو.[4]

دەقی ماددەی دووەم لە یاسای بەرەنگاربونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان-عێراق دەڵێت:

یەکەم:هەرکەسـێك پەیوەسـتی هـەبێت بـە پەیوەندیـەکی خێزانـی ئەنجامـدانی تونـدوتیژی لـە چوارچێـوەی خێزانـدا لـێ قەدەغـە دەکـرێ لەوانەش:تونـدوتیژی جەسـتەیی و جنسـی و دەروونـی و ئـەم کردەوانـەش وەك نموونـە بـە تونـدوتیژی خێزانـی دادەنرێت:

١-هاوسـەرگیری بـەزۆر,٢-هاوسـەرگیری ژن بـە ژن(شـغار)و منـداڵ بەشـودان,٣-بەشـودان لـەجیاتی خـوێن,٤-لێـك جوداکردنـەوەی بـە زۆر,٥-بڕینـی پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی,٦-مێـرد بـەزۆر ژنـی خـۆی ناچـاری بەدڕەوشـتی و کـاری داوێنپیسـی بکـات ,٧-خەتەنـەکردنی مێینـە,٨-ناچـارکردنی تاکـەکانی خێـزان بـۆ جێهێشـتنی فەرمانبەریـەتی بـە ناڕەزایـەتی خۆیـان,٩-ناچـارکردنی منـداڵ بـۆ کـارکردن و سـواڵکردن و جێهێشـتنی خوێنـدن١٠-خۆکوشـتن لـە ئـەنجامی تونـدوتیژی خێزانـی,١١-لـەباربردن لـە ئـەنجامی تونـدوتیژی خێـزان,١٢-لێـدانی تاکـەکانی خێـزان و منـداڵ بـە هـەر بیانوویـەك بێـت,١٣-سـوکایەتی پێکـردن و جنێـودان بـە کـەس و کـارو بـە کـەم سـەیرکردنی و ئـازاردانی و گوشـار بۆهێنـانی دەروونـی و پێشـێلکردنی مافـەکانی و بەزۆر سەرجێیکردن. [5]

وە بـە گـوێرەی مـاددەی چـوارەمی ئـەم یاسـایە کـە بـاس لـە فـەرمانی پاراسـتن دەکـات لـە برگـەی چـوارەمی مـاددەی چـوارەم دەڵێت:لەحاڵـەتی پێشـێلکردنی فـەرمانی پاراسـتن سـەرپێچیکەر بـە حـپس لـە ٤٨سـەعات زیـاتر نـەبێت یـان غرامـە لـە ٣٠٠٠٠٠ هەزار دینار کەمتر نەبێت.[6]

دەقـی مـاددەی حەوتـەم هەروەهـا لە یاسـاکە سـزای تـاوانی تونـدوتیژی بە هەمـوو شـێوازەکانیەوە(دەرونی، جەستەیی،سیکسـی) دیـاری کـردووە بەم شـێوەیەی خـوارەوە: (لەگـەڵ زیـان نەگەیانـدن بـە هـەر سـزایەکی تونـدتر کـە دەقەکـەی لەیاسـا کارپێکراوەکـانی هەرێمـدا هـاتووە: هـەر کەسـێك توندوتیژییـەکی خێزانـی ئـەنجام بـدات بـۆ ماوەیـەك سـزای بەنـدکردن

---

(١) فاطمة عرفي،العنف المعنوي الزوجي ,دراسة قانونية التأصيلية في ضوء أحكام الشريعة الإسلامية, مجلة كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة بومرداس، الجزائر ,مجلد٣٥،العدد٣، ٢٠٢١ ، ص٢٣٢-٢٣٣.

(٢) علي حسين خلف،سلطان عبدالقادر الشاوي,المبادىء العامة في قانون العقوبات,المكتبة القانونية،بغداد،٢٠٠٦,ص١٤٨.

(٣) د. محمود نجيب حسني ، الموجز في قانون العقوبات-القسم الخاص ، دار النهضة العربية، قاهرة ١٩٩٣.

(٤) د.وعدي سليمان مزوری،المواجهة الموضوعية لجرائم العنف الأسري، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الرابع / السنة السابعة ٢٠١٥،ص٣١٣.

(٥) دەقی ماددەی دووەم,یاسای بەرەنگاربونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان -عراق,یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١١.

(٦) دەقی ماددەی چوارەم ,یاسای بەرەنگاربونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان-عراق,یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١١.

دەیگرێتـەوە کـە لەشـەش مانـگ کـەمتر نـەبێت و لـە سـێ سـاڵیش زیـاتر نـەبێت و بـە غەرامەیـەك کـە لـە یـەك ملیـۆن دینـار کـەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بەیەکێك لەو دوو سزایە).[١]

**لقی دووەم: توندوتیژی دەرونی لە یاسای سزادانی عیراقیدا**

هەرچەنـدە یاسـای سـزادانی عێراقـی ژمـارە ١١١ی سـاڵی ١٩٦٩ هەنـدێک جـۆری توندوتیژی دەرونـی بە تـاوان ناسـاندووە، وەک هەڕەشـە، ناوزڕانـدن،جنێوو بوختـان و سـووکایەتیکردن بەپێـی مادەکـانی ٤٣٠ - ٤٣٨.[٢] رێکخـراوەوە سـزاکەی دیاریکراوە.

بەڵام سـکاڵاکانی ژنـان بەپێـی برگەکـانی ئەم مـادە یاسـاییانە نـزیکە لەنەبـوون، پەنـا نـابەنە بەر دادگـا و سـکاڵا تۆمـار نـاکەن تەنهـا لە حـاڵەتی توندوتیژی جەسـەدی نەبێـت[٣].ماددەکـانی ئەم یاسـایە کەم وکـورتن و نـاتوانن لە ئێسـتادا پارێزگـاری یاسـایی پێویست بۆ ئافرەتان دابین بکەن بۆیە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە.

**لقی سێیەم: توندوتیژی دەرونی لە یاسای باری کەسی**

لە توندوتیژی (دەروونـی)دا دەبینـین کەئەو هەڕەشـەیەی ئاراسـتەی ژن دەکرێـت بـۆ سـنووردارکردنی مـاف و ئـازادییەکەی لە مـاڵەوەو کـارکردن و بوارەکـانی تـری ژیـان ئەوا ڕاسـتەوخۆ لەکـاتی هاوسـەرگیریدا زیـاتر بەرجەسـتە دەبێـت، لە عێـراق حـاڵەتی ناچـارکردنی کـچ زۆرە بـۆ ئەوەی بەپێچەوانەی ویسـتی خـۆیەوە هاوسـەرگیری بکـات، یـان هاوسـەرگیری پێشـوەختە بکـات، چەنـدین حـاڵەتی دیـش هەن کە لە ژنـێکەوە بەرامـبەر ژنێـک و لە پیـاوێکەوە بەرامـبەر ئافرەتێـک دەگـۆڕێن، هەروەهـا لە توندوتیژی خێزانیـدا کە ڕۆژانە ڕێـژەکەی لە زیـادبونە دەبیینـین زۆربەی ژنـان بەرکەوتەی توندوتیژی دەرونـی دەبـنەوە، جا ژن بن، دایک بن، کچ بن، خوشک بن، یان کەسانی تر[٤].

بەپێی یاسای باری کەسی چەند بارێک هەن کە بە توندوتیژی دەرونی وێنا دەکرێن و سزایان بۆ دانراوە وەک:

١. تـاوانی زۆرەملـێ بـۆ هاوسـەرگیری ، مـادەی (٩) بـڕگەی یەکەم لە یاسـای بـاری کەسـی ژمـارە (١٨٨)ی سـاڵی ١٩٥٩ بـاس لەوە دەکـات کە هـیچ خزمێـک یـان کەسـێکی نـاخزم مـافی زۆرەملێـی هـیچ کەسـێکی نییە نێـر یـان مـێ کە بەبـێ ڕەزامەنـدی خـۆی هاوسـەرگیری بکـات، گرێبەسـتی هاوسـەرگیری زۆرەملـێ بە نادروسـت دادەنرێـت، ئەگەر هاوسـەرگیرییەکە ڕووی نەدابێـت، هـیچ کـام لە خـزم یـان لایەنـی سـێیەم مـافی ئەوەی نییە ڕێگـری هاوسـەرگیری ئەو کەسانە بکات کە شایستەی هاوسەرگیرین.
٢. هەرکەسـێک سـەرپێچی لە بـڕگەی (١)ی ئەم مـادەیە بکـات سـزا دەدرێـت، بەزینـدانیکردن بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ زیـاتر نەبێـت و پێبـژاردن، یـان یەکێـک لەم دوو سـزایە، ئەگەر خزمێکـی پـلە یەک بێـت، ئەگەر سـەرپێچیکار یەکێـک لەمـانە نەبێـت، سـزاکە بریتـی دەبێـت لە زینـدانیکردن بـۆ مـاوەیەک کە لە دە سـاڵ زیـاتر نەبێـت و زینـدانیکردن بـۆ مـاوەیەک کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت.
٣. ئەگەر گرێبەسـتی هاوسـەرگیری لەدەرەوەی دادگـا بە زۆرەملـێ کرابێـت ئەوا بـڕگەی (٤)ی لە مـاددەی (٤٠) بـاری کەسـی پیـادە دەکرێـت لەسـەری بـۆی هەیە داوای جیابونەوە بکـات. لە ئەمـانەی خـوارەوە هـاتووە ئەگەر هاوسـەرگیرییەکە لەدەرەوەی دادگا لەڕێگەی زۆرەملێ وە ئەنجام درابێت ودخوول ڕویدابێت.

ئەگەر مێـرد خـۆی بپارێزێـت لە خەرجـی بـۆ هاوسـەرەکەی بە پێـی دەقـی بـڕگەی (٧) لە بـڕگەی یەکەمـی مـادەی ٤٣ لە یاسـای هەمـوارکراوی بـاری کەسـێتی ژمـارە ١٨٨ی سـاڵی ١٩٥٩ کە ئەمـانەی خـوارەوەی تێـدا هـاتووە (ئەگەر مێـردەکە خەرجـی بـۆخێزانەکەی دابـین نەکـات بەبـێ پاسـاوی شـەرعی دوای پێـدانی زۆرتـرین مـاوە کەشەسـت ڕۆژە ئەوا ژن بـۆی هەیە داوای جیـابونەوە بکـات) چـونکە هەنـدێک ئەم شـێوازە بەکـاردەهێنن بـۆ زیانگەیانـدن بە ژنەکە کاتێـک خەرجـی بۆخـۆی و بـۆ منداڵەکانی ناکـات و دەیخـاتە ژێـر فشـاری (پێویسـتی) کەسـانی تـرەوە کە ئەمەش زیـانی پێـدەگەیەنێت کە دەکەوێـتە چوارچێـوەی چەمکی توندوتیژی خێزانی و لەڕووی دەرونیەوە ئازاری زۆر دەچێژێت.

## تەوەری دووەم

## پارێزگاری تاوانی بۆ ئافرەت دژ بە توندوتیژی دەرونی لە یاسا بەراوردکاریەکان

**لقی یەکەم: توندوتیژی دەروونی لەیاسای سزادانی جەزائیری**

کاتێـک ئامـاژە بە یاسـای سـزادانی جەزائیـر(١٩٦٦) هەمـوارکراو دەکەیـن پێناسـەیەکی ئاشـکرا بـۆ توندوتیژی دەرونـی دژی ژنـان نـادۆزینەوە، بەڵام لەڕێـگەی برگەکـانی یاسـای سـزادان بەتـایبەتی یاسـای ژمـارە ١٥-١٩ ی هەمـوارکراوی سـاڵی ٢٠١٧، ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێـتەوە کە توندوتیژی دەرونـی تـاوانێکە سـزای بەسـەر دەچەسـپێت بەپێـی مـاددەی (٢٢٦) دووبـارە ١ دا کە تیایـدا بەم شـێوەیە توندوتیژی دەرونـی ناسـاندوە (هەر کەسـێک لە دژی هاوسـەرەکەی هەر جـۆرە ئازاردانێـک یـان دووبـارەبوونەوەی توندوتیژی زارەکـی یـان دەروونـی ئەنجـام بـدات کە قوربـانییەکە بخـاتە حـاڵەتێکەوە کە کـاریگەری لەسـەر کەرامەتـی هەبێـت یـان کـاریگەری لەسـەر جەسـتەیی یـان دەروونـی) بەم شـێوەیە توندوتیژی دەروونـی شـێوازێکی ڕەفتـاری بەردەوامە کە بە تێکـدانی پەیوەنـدی ئاسـایی لەگەڵ ژنەکەدا تایبەتمەنـدە، وەک هەراسـانکردنی زارەکـی، هەڕەشـەکردن، هێرشـی زارەکـی، زەلیلکـردن، دووبـارەبوونەوەی ڕەخـنە، تـۆمەتی نـادادپەروەرانە، گۆشـەگیری،

---

[١] دەقی ماددەی حەوتەم لە ,یاسای بەرەنگاربونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان-عراق,یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١١.

[٢] دەقی ماددەی ٤٣٢ و ٤٣٣ و ٤٣٤ , یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩.

[٣] محمد عبد الرضا المحنه ، قانون الأحوال الشخصية الجعفري، جمعية الامل العراقية ،آخر زيارة ٢٠٢٣/١/٢٠ ،المقال منشور علي موقع الاكتروني التالي: https://iraqi-alamal.org/?p=1547

[٤] سالم روضان الموسوي، مغذيات العنف الاسري(القانون وتطبيقات القضائية إنموذجا)، ٢٠٢٠، المقال المنشور علي موقع الالكتروني التالي: https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=699856 أخر الزيارة:.17/1/2023

ناچارکردن بە مەبەستی سووکایەتیکردن بە بەهاکانی، ڕۆشانی کەرامەتی، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژنەکە دەبێت، بۆیە تووشی تێکچوونی دەروونی دەبێت کە ڕەنگە گەشە بکات بۆ نیشانە جەستەییەکان(١).

سەبارەت بە حیمایەکردنی ئافرەت لەیاسای سزادانی جەزائیر دەقی لەسەر داناوە بەم شێوەیە:

یاسای تاوانکاری ئامرازێکی گرنگە کە گەرەنتی پاراستنی ژنان لە توندوتیژی دەکات، هەروەها دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە لەلایەن دەستوورەوە پەسەندکراوە، هەموارکردنەوەی ئەم دواییەی یاسای سزادانی جەزائیر ژمارە ١٥/١٩ لە بەرواری ٢٠١٥/١٢/٣٠ ماددەی نوێی خستە ڕوو کە بڕیاری پاراستنی ژنانی لە توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە داوە، دوای ئەوەی یاسا کۆنەکان ئاماژەیان بە هەندێکیان نەکردبوو،(٢) هەندێک مادە دەخەینەڕوو کە یاسادانەری جەزائیر توندوتیژی دەرونی دژی ژنان بە تاوان زانیوە.

یەکەم: لە مادەی (٢٦٦)ئەمانەی خوارەوە هاتووە: (هەر کەسێک لە دژی هاوسەرەکەی هەر جۆرە دەستدرێژییەک یان دووبارەبوونەوەی توندوتیژییەکی زارەکی یان دەروونی ئەنجام بدات کە قوربانییەکە بخاتە حاڵەتێکەوە کە کاریگەری لەسەر کەرامەتی هەبێت یان کاریگەری لەسەر تەندروستی جەستەیی یان دەروونی هەبێت، سزا دەدرێت بە بەندکردن لە ساڵێک بۆ سێ ساڵ).(٣)

دووەم: لە مادەی(٣٣٠) هەموارکراو دا هاتووە کە: "هەر کەسێک هەر جۆرە زۆرلێکردن یان تۆقاندنێک لە دژی ژنەکەی بکات بۆ دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی یان سەرچاوە داراییەکانی، سزا دەدرێت بەبەندکردن لە شەش (٦) مانگەوە تا دوو ساڵ، بەم پێیەش بێت ئەم تاوانە بریتییە لە ئەنجامدانی دوو ڕەفتار کە لە بابەتەکەدا دیاری کراوە: زۆرلێکردن یان ترساندن.(٤)

**لقی دووەم: توندوتیژی دەرونی لەیاسای سزادانی ئوردنی**

بە تاوان ناساندنی توندوتیژی زارەکی لە یاسای سزادانی ئوردنی ژمارە(١٦) ی ساڵی (١٩٦٠)هەموارکراو لە ناساندنی تاوانەکانی ناوزڕاندن و سەرزەنشت و سووکایەتیکردندا قەتیس بوو کە لە ماددەکانی (١٩٩-١٨٨)دا هاتووە، مەرجی تایبەت بۆ تاوانبارکردنیان پێویستە، کە ڕەنگە لە حاڵەتەکانی توندوتیژی زارەکی دژی ژنان جێبەجێ نەکرێت.(٥)

هەڕەشەکردن کە جۆرێکە لە توندوتیژی زارەکی، لەلایەن یاسادانەرەوە لە مادەکانی (٣٤٩-٣٥٤)ی یاسای سزادان بە تاوان ناسێنراوە،(٦) مادەی (٣٥١)ی سزاکان دەڵێت ئەگەر هەڕەشەی یەکێک لە تاوانەکانی پێشوو فەرمانێکی لەخۆ نەگرتبێت یان فەرمانێکی لەخۆگرتبێت بەڵام بە شێوەیەکی زارەکی بەبێ نێوەندگیری کەسێکی تر بە پشتبەستن بە سکاڵای لایەنی زیانلێکەوتوو ڕوویدابێت، ئەوا سزا دەدرێت بەبەندکردن لە مانگێک بۆ دوو ساڵ.(٧)

**لقی سێیەم: توندوتیژی دەرونی لەیاسای سزادانی میسری**

یاسای سزادانی میسری ژمارە (٥٨)ساڵی (١٩٣٧) لە لقە جیاوازەکانیدا خاڵییە لە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ توندوتیژی دژی ژنان بەتایبەت توندوتیژی دەرونی، بەو پێیەی هیچ پێناسەیەکی دیاریکراو لە یاسای سزادان یان لە هیچ کام لە یاسا تایبەتەکانی تاوانکاری بۆ تاوانێکی دیاریکراو یان بۆ بابەتی تایبەت بە ناوی توندوتیژی دژی ژنان نیە.

لە یاسای سزادانی میسریشدا لە هەمان چوارچێوەدا و بۆ پشتیوانی لە مادەکانی (٣٠٢)تا(٨) (٣٠٩) پارێزگارێکی یاسایی بۆ ژنان بەدی دەکرێت، بەو پێیەی ئەو جنێو و وتە زبرانەی کە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ کەسێک، ناوزڕاندنە و تاوانێک پێکدەهێنێت، وەک ئەوەی کەسێک بە ژنێک بڵێت تولەشفرۆشیت کردوە بۆ پارە، لەشفرۆشی تاوانە بۆیە خستنە پاڵی وشەی لەشفرۆش بۆ ژن دەبێتە هۆی سووکایەتیپێکردنی لەنێو خەڵکیدا، لە جێبەجێکردنی ئەمەدا دادگای میسر بڕیاریدا کە ئەو (ناوزڕاندنەی) بەپێی یاسا پێویست بە سزا دەکات ئەوەیە کە کارێک بخەیتە پاڵکەسێک، کە بە تاوان دادەنرێت یاسا سزای بۆ داناوە.(٩)

## کۆتایی

**یەکەم: دەرەنجامەکان**

١- توندوتیژی دەروونی دیاردەیەکە هەموو کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە، بەڵام جیاوازی تەنها لە ڕێژەکەیدایە، ئەم دیاردەیە نەك تەنها ژنان بەڵکو پیاوان و منداڵانیش دەگرێتەوە.

٢- یاسادانەری کوردستانی پابەند نەبوە بە پرەنسیپی(یاسایەتی تاوان و سزا)هەڵساوە بە دیاریکردنی هەندێ شێوەی توندوتیژی دەروونی وەك نمونە و زۆرێک لە شێوەی تری فەرامۆش کردوە، دەبوایە هەموو شێوەکانی توندوتیژی بەتەواوی دیاری بکات یان دیاری نەکات .

٣- یەکێك لە ڕێوشوێنەکانی پیادەکردنی ئەم یاسایە بریتیەلە (بڕیاری پارێزگاری) بە پێی ئەو بڕیارە ئەو کەسەی توندوتیژی دەرونی بەرامبەر کراوە دوردەخرێتەوە لە خێزان ئەمەش وادەکات کێشەکانی ئاڵۆزتر بن و لێکترازانی زیاتر دروست ببێت چونکە ئەم جۆرە پارێزگاریە نامۆیە بە کۆمەڵگای کوردی.

٤- بە پێی ئەم یاسایە سەرجێیکردنی بەزۆر بە تاوان دانراوە پێمان وایە ئەم جۆرە هەڵوێستە دەبێتە هۆی دروست بونی کێشەی دەروونی لە نێوان هاوسەران و دواتریش خێزان بە گشتی.

(١) صالح بيات، حماية المرأة من العنف المعنوي ، ٢٠١٩، ص١٥.
(٢) صالح بيات, المصدرنفسه, ص٣٠.
(٣) المادة ٢٦٦ من قانون عقوبات الجزائري المعدل رقم (١٥-١٩) لسنة ٢٠١٥.
(٤) المادة ٣٣٠ من قانون العقوبات الجزائري نفس المصدر.
(٥) نيفين سمير سليمان الأمير، مصدر سابق، ص٤٣.
(٦) نيفين سمير سليمان الأمير , المصدرنفسه , ص٤٤.
(٧) المادة ٣٥١من قانون العقوبات الأردني رقم (١٦)لسنة ١٩٦٠.
(٨) المادة ٣٠٢- ٣٠٩من قانون العقوبات المصري رقم (٥٨)لسنة ١٩٣٧.
(٩) مريفان مصطفي رشيد، نفس المصدر، ص ١٠٥.

٥- دەرکەوت کە تاوانی توندوتیژی بە چەندین شێوە بونی هەیە و کە دژی ژنان ئەنجام دەدرێت، توندوتیژی دەروونی دژی ئافرەت بەشێکە لە توندوتیژی بەشێوە گشتیەکەی کە هەرشەیەکی زۆر لە توێژی ژنان دەکات لە کۆمەڵگای کوردستانی و عیراقیدا .
٦- بێدەنگ بونی ئەو ئافرەتەی کە توندوتیژی دەروونی بەرامبەر کراوە ودەستبەرداربون لە سکاڵاکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی بەڵگەی پێویست و باوەر پێکراو بۆ سەلماندنی ئەو جۆرە توندوتیژیە
٧- تێبینیمان کرد کە هیچ یاسایەکی تایبەت نیە لە عیراق کە توندوتیژی دەرونی دژی ژنان بە تاوان بناسێنێت سەرەڕای بونی هەندێك دەقی یاسایی کە توندوتیژی لە یاسای سزاکان بە تاوان دادەنێت، بە پێچەوانەی هەرێمی کوردستان کە یاسای تایبەتی هەیە بەڵام توندوتیژی دەروونیی نەناساندوە بە شێوەیەکی ڕوون .
٨- توندوتیژی دەروونی زیانی گەورەی بۆ سەر ژنان هەیە زۆرجار دەبێتە هۆی خۆکوشتن کە ئەمەش بەرپرسیاریەتیەکی یاسایی دروست دەکات بۆ کەسی هۆکار لە خۆکوشتن.
٩- زۆرەملێکردن لە ئافرەت بۆ هاوسەرگیری لە لایەن ئەو کەسەی سەرپەرشتی دەکات بە توندوتیژی دەرونی دادەنرێت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر تەواوی ژیانی دروست دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆیی هەڵوەشانەوەی خێزان.
١٠- دەرکەوت کە یاسا بەراورد کاریەکان هەڵوێستی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان کەمتەرخەمن و لاوازن لەئاست بەرەنگاربونەوەی ئەم تاوانە وەک یاسای میسری و ئوردنی و هەندێکی تریان تارادەیەکی باش پێشکەوتوون و بە ئاشکرا تاوانەکەیان ڕێکخستووە وەک یاسای سزادانی ئیماراتی.

**دووەم:پێشنیارەکان**

١) زۆر گرینگە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی هەرێمی کوردستان هەمواربکرێتەوە لە لایەن پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەك بگونجێت لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی و داب و نەریتی کوردەواری واقعی کۆمەڵگا.
٢) دیاریکردنی شێوەکانی توندوتیژی خێزانی دەرونی وجەستەیی بە شێوەی کۆتایی و یەکجاری نەك وەك نمونە باس بکرێت چونکە پێچەوانەی پرەنسیپە جێگیرەکانی یاسایە.
٣) پێویستە وەزارەتی ئەوقاف و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا ڕۆڵیان هەبێت لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەناو کۆمەڵگا، وە کۆمەڵگا هانبدەن بۆ خۆپاراستن لە توندوتیژی خێزانی لەپێناو پاراستنی ئاساییشی خێزان و کۆمەڵگا پاراستنی لە هەڵوەشانەوە.
٤) پیشنیار بۆ یاسادانەری کوردستانی دەکەین کە بە ڕوونی توندوتیژی دەرونی بناسێنێت و تیشك بخاتە سەر شێوازو فۆرمەکانی تاوانی توندوتیژی دەرونی دژی ئافرەت لەدەقی یاسا تایبەتیەکاندا و سزای گونجاوییان بۆ بریاربدات.
٥) پێویستە دادگاکان ئەنجامدەرانی تاوانی توندوتیژی پابەند بکەن بە ئەنجامدانی خولی چاکسازی لە ڕووی دەروونی لە ناوەندە چاکسازیەکاندا بەمەبەستی چارەسەرکردنی تۆمەتبارو پاراستنی خیزان لە توندو تیژی.
٦) دەکرێت یاسای سزادانی عیراقی هەمواربکرێت بە سودبینین لە یاسابیانیەکان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە ڕێگریکردن لە توندوتیژی دەروونی.
٧) پێویستە سەنتەری لەخۆگرتن بۆ ئەو ژنانەی کە دەبنە قوربانی توندوتیژی دەروونی دابینبکرێت وچارەسەری دەروونی بۆ دابیینبکرێت.
٨) پێویستە دادگاکان لە سەرەتادا خولی هاوسەرگیری بۆ هاوسەران ئەنجام بدەن بۆ بنیاتنانی خێزانیکی دور لە توندوتیژی.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: قورئانی پیرۆزوفەرمووده**

**دووەم: فەرهەنگەکان**

١. محمد بن ابي بكر عبدالقادر الرازي، مختار الصحاح، دارالكتب العربي، بيروت، ١٩٨١.
٢. محمد بن مكرم ابن منظور، لسان العرب، ج٩، ١٤٠٥.

**سێیەم: پەرتوکەکان**

١. أسماء جميل، العنف الاجتماعي، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٧،
٢. أحمد رفعت النجار، الاطار التشريعي لجرائم العنف ضد المرأة ، المجلس القومي للمرأة،ط١، القاهرة، ٢٠٢٠.
٣. بوسعدية مسعود، ظاهرة العنف في جزائر وعلاج متكامل، مؤسسة كنوزالحكمة،الجزائر، ٢٠١١.
٤. علي حسين خلف,سلطان عبدالقادر الشاوي,المبادىء عامة في قانون العقوبات,المكتب القانونية،بغداد،٢٠٠٦.
٥. د. محمود نجيب حسني ، الموجز في قانون العقوبات-قسم خاص ، دار النهضة العربية، القاهرة ١٩٩٣
٦. مريفان مصطفى رشيد، جريمة العنف المعنوي ضد المرأة ، ط١، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، ٢٠١٦.
٧. د.محمد عودة الجبور,الوسيط في قانون عقوبات, ط١,دار وائل للنشر,عمان،٢٠١٢.
٨. المعهد الدولي لحقوق الانسان ، عدالة النوع و حقوق الانسان المرأة في العراق، ط١، ٢٠٠٦.
٩. نجم، محمد صبحي، قانون العقوبات - القسم العام، ط٣، ، دار الثقافة للنشر والتوزيع،عمان-الاردن،٢٠١٠.

**چوارەم: نامەکان وتێزەکانی زانکۆیی**

١. حنان احمد درويش، الحماية الجنائية لضحايا العنف الاسري في التشريع البحريني، رسالةماجستير ،جامعة بحرين، بحرين، ٢٠١٢.
٢. صالح بيات، حماية المرأة من العنف المعنوي ،رسالة ماجستير ،جامعة حمه لخضر-الوادي،الجزائر، ٢٠١٩.

٣. د. عمر حسن عمر، اطروحة دكتوراه، جامعة اسلامية عالمية ماليزية، كلية معارف الوحي والعلوم الانسانية،ماليزيا، ٢٠٢١ .
٤. ميديا جلال عبدالله ، الحماية المدنية للمرأة من العنف الاسري ، رسالة ماجستير ،جامعة صلاح الدين-أربيل، ٢٠١٢.
٥. نيفين سمير سليمان الأمير، الحماية جزائية للمرأة ضد العنف في تشريع الأردني،رساله ماجستير، جامعة الشرق الأوسط،الاردن ٢٠١٩.

**پێنجەم: توێژینەوەکان**

١) فاطمة عرفي،العنف المعنوي الزوجي ,دراسة قانونية التأصيلية في ضوء أحكام الشريعة الإسلامية, مجلة كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة بومرداس، الجزائر ,مجلد٣٥،العدد٣، ٢٠٢١ .
٢) د.وعدي سليمان مزورى،المواجهة الموضوعية لجرائم العنف الأسري، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الرابع / السنة السابعة ٢٠١٥.

**شەشەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان**

١) د.صادق بن محمد هادي، المرأة في السنة النبوية المطهرة، آخر زيارة ٢٠٢٢/١١/٣٠، مقال متاح على الموقع الكتروني التالي: https://www.alukah.net/sharia/0/6525/%D8%A7
٢) سالم روضان الموسوي، مغذيات العنف الاسري(القانون وتطبيقات القضائية إنموذجا)،آخر زيارة٢٠٢٠/٢/٥ ، المقال المنشور على موقع الالكتروني التالي: https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=699856
٣) محمد عبد الرضا المحنه ، قانون الأحوال الشخصية الجعفري، جمعية الامل العراقية ،آخر زيارة ٢٠٢٣/١/٢٠ ،المقال منشور علي موقع الاكتروني التالي:https://iraqi-alamal.org/?p=1547
٤) هيئة الامم المتحدة للمرأة،أنواع العنف ضد النساء والفتيات، مقال منشور على الموقع الالكتروني التالي: بتأريخ ٢٠٢٤/١٢/١ https://arabstates.unwomen.org/ar/what-we-do/ending-violence-against-women/faqs/types-of-violence.
٥) فراوين جيجن جيوالت، العنف أو الاعتداء النفسي، مقال منشور علي الموقع الالكتروني (17/1/2023) https://www.frauen-gegen-gewalt.de/ar/alynf-u-alaytda-alnfsi.html
٦) سنن ( الترمزي)، كتاب المناقب، باب فضل ازواج النبي،ج٥،ص٦٦٧. متاح على الموقع اللكتروني التالي: https://www.islamweb.net/ar/library/content/D9%88%D8%B3%D9%84%D9%85 آخر زيارة ٢٠٢٤/١١/٢٥.

**حەوتەم: یاساکان وریَککەوتننامەکان**

١. ياساى بەرەنگاربونەوەى خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمى كوردستان -عراق,ياساى ژمارە(٨)ى ساڵى ٢٠١١.
٢. ياساى سزادانى عێراقى ژمارە ١١١ى ساڵى ١٩٦٩.
٣. قانون الأحوال الشخصية العراقي رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩المعدل.
٤. قانون العقوبات الجزائري رقم ١٥-١٩ لسنة ٢٠١٥معدل.
٥. قانون العقوبات الأردني رقم (١٦)لسنة ١٩٦٠.
٦. قانون العقوبات المصري رقم (٥٨)لسنة ١٩٣٧.
٧. القانون الاساسي، عدد٥٨ لسنة ٢٠١٧، يتعلق بالقضاء على العنف ضد المراة في تونس.
٨. القانون الاتحادي في رقة ١٠ لسنة ٢٠١٩ في شان الحماية من العنف الاسري.
٩. الجمعية العامة للأمم المتحدة إعلان القضاء على العنف ضد المرأة قراررقم ١٠٤/٤٨ المؤرخ في ٢٠ كانون الأول ١٩٩٣.
١٠. اتفاقية القضاء على جميع أشكال العنف والتمييز ضد المرأة - "CEDAW، ١٩٨١.